بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی چۆمان:

# "ئاوی (چۆمان) بە کەڵکی خواردنەوە نایەت"

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی چۆمان (دکتۆر ئەحمەد حەسەن)،بە "هەولێر"ی ڕایگەیاند: "ئاوی چۆمان پیسە و بە کەڵکی خواردنەوە نایەت، چونکە لە ناو چۆمان، لە چەند شوێنێک بۆڕییەکان شکاون و ئاوی پیسی کۆڵانەکان لەگەڵی تێکەڵ دەبێت". هەروەها گوتی: "سەرچاوەی ئاوەکە دانەپۆشراوە و کاتێک گەشتیاران دەێنە ناوچەکە، لە سەرووی سەرچاوەی ئاوەکە دەمێننەوە و پاشماوەی خواردن و کەلوپەلەکانیان دەکەوێتە ناو ئاوەکەوە".



فۆتۆ: هەولێر

ئاوی چۆمان دوای توانەوەی بەفر، بە بێ هیچ پاڵێوەرێک، ڕاستەوخۆ بۆ چۆمان

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە دەست "هەولێر" کەوتووە، ئەم ئاوە دوای توانەوەی بەفر، بە بێ ئەوەی هیچ پاڵێوەرێک، یا گۆمێکی تایبەتی هەبێت بۆ تێکردنی دەرمانی کلۆر، ڕاستەوخۆ بۆ چۆمان دێت، ئەمەیش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپیی ئاوەکە، ترس و دڵەڕاوکێی لە ناو دانیشتووانی چۆمان دروست کردووە و هاووڵاتیان لە کانیاوەکان ئاوی خواردنەوە دەهێنن.

ئیسماعیل گوندەژۆری

# وەزیری ئەوقاف: "وتارخوێنی مزگەوتەکان، یاسای خزمەتی مەدەنییان لەسەر جێبەجێ دەکرێت"

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەو ئیمام و خەتیبانەی کە بەم دواییە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراون و بەسەر مزگەوتی گوند و شارۆچکەکانی کوردستاندا دابەش دەکرێن، وەزیری ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (شێخ محەممەد شاکەلی)، وێڕای پیرۆزبایی لە مامۆستا دامەزراوەکان، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ ڕوون کردنەوە و ڕایگەیاند کەوا یەکەم جارە بە یەک وەجبە و لە چەند ڕۆژێکی کەمدا، ئەوەندە ئیمام و خەتیب بۆ مزگەوتەکانی کوردستان دادەمەزرێن و ئەوەیش نیشانەی گرنگیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بە کاری زانایانی ئایینی و مزگەوتەکانی کوردستان. لە بەشێک لە قسەکانیدا وەزیری ئەوقاف گوتی: "ناوهێنان و ناوزڕاندن لەگەڵ هەوڵی ئاژاوەنانەوە و شێواندنی ئاسایشی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی فکری تەکفیر و توندڕۆیی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە، بەزاندنی هێڵی سوورە و هەرگیز ڕێگە نادەین ئەم هێڵە سوورانە ببەزێندرێن." جەختیشی کردەوە کە هەموو ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکانی کوردستان، فەرمانبەری بە قەدر و ڕێزلێگیراوی وەزارەتی ئەوقاف و حکوومەتی هەرێمی کوردستانن و پێویستە هەموو لایەک بزانن یاسای خزمەتی مەدەنی، لەسەریان جێبەجێ دەکرێت و هەر سەرپێچی و لە یاسادەرچوونێک لە کارەکەیاندا، ڕووبەڕووی دادگەیان دەکاتەوە و لەو حاڵەتانەدا وەزارەتی ئەوقاف بەرگری لە مامۆستایانی ئایینی ناکات.

شایانی باسە لەم دوومانگەی دواییدا، وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٣٠٠ کەسی لە دەرچووانی کۆلێژی شەریعە و پەیمانگەکانی، بە پێشنوێژ و وتارخوێن دامەزراندووە و بۆ ئامادەکردنیان خولێکی چەند ڕۆژەی بۆ کردوونەتەوە تا سیاسەتی وەزارەت و هێڵە گشتییەکانی کاری وەزارەتی ئەوقاف بزانن و باشترین خزمەت بە هاووڵاتیان بکەن.

ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف

# لە هەشت مانگی ڕابردوودا، (٧٥٠) کەس قژی دەستکردنیان داناوە و (٣٥)یان ئافرەتن

قژڕووتانەوە، یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە لە هەندێک کەسدا بە هۆی نەخۆشییەوە ڕوو دەدات و لە هەندێکی دیکەیشیاندا بۆ هۆکاری بۆماوەیی دەگەڕێتەوە. زۆر جار قژڕووتانەوە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دەروونی تاکەکان دادەنێت و بەشێکی کەمیش لەو کەسانە، بە تایبەتی ئەوانەی هەر لە منداڵییەوە بە هەر هۆکارێک بووبێت قژیان نەماوە، خۆیان لە کۆمەڵگە دوورەپەرێز دەگرن و نایانەوێت زۆر تێکەڵ بە خەڵک بن.

دوای ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین سەنتەری جوانکاری لە کوردستان کرانەوە، گرفتی بەشێکی زۆر لەو کەسانە چارەسەر کرا.لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی "هەولێر"دا، بەڕێوەبەری سەنتەری (کوردستان) بۆ جوانکاریی ئافرەتان و پیاوان، ڕایگەیاند: "لە هەشت مانگی ڕابردوودا، (٧٥٠) کەس کە (٣٥)یان ئافرەت بوون، بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیە، باڕووکەیان داناوە."

پسپۆڕی جوانکاری (عەلی جەمیل) گوتیشی: "ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانە لە زیادبووندایە و لە شەش ساڵی ڕابردوودا، (٦٠١٦) کەس باڕووکەیان داناوە."

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەیش دا کە سەنتەرەکەی مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستی هەیە و دانانی ئەو قژە هیچ نەخۆشییەکی بە دواوە نییە.

هەولێر

## گۆشەی نارین



### لەبەر حەزی کێ هاتمە دنیا؟

نارین
Narin.goshe@Gmail.com

- خەزوورم حەزی لە منداڵە!
- دایکم حەزی لە منداڵە!
- خەسووم حەزی لە منداڵە!
- بابم حەزی لە منداڵە!
- دایە گەورەی خەزوورم حەزی لە منداڵە!
- باپیرم حەزی لە منداڵە!
- مامم، خاڵم، پووری خەسووم، باوەگەورەی خەزوورم، دراوسێیەکەمان، (حاجی حەمە)ی خوالێخۆشبوویش، حەزیان لە منداڵە، کەواتە با منداڵێکمان ببێت.

ڕۆژانە ٦٥ منداڵ تەنیا لەم شاری هەولێر لە دایک دەبن. چەندیان لەبەر حەزی خۆیان دێنە دنیاوە؟ لەوانەیە بڵێین خۆ ناکرێت لە منداڵێک کە هێشتا لە دایک نەبووە و خاوەن بڕیار نییە، مۆڵەت وەربگرین کە ئایا بیهێنینە دنیا یان نا؟

ڕاستە، بەڵام خۆ دەکرێت لەبەر حەزی کەسوکار و قسەی خەڵکی، منداڵ نەهێنینە دنیاوە؟. خۆ دەتوانین پێش ئەوەی بڕیار بدەین، پلانەکان دیاری بکەین و بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا دەتوانین بارودۆخێک بۆ ئەو منداڵە فەراهەم بکەین کە هەموو جارێ تووشی ئەم پرسیارەمان نەکات کە بۆچی منتان هێنایە دنیاوە؟

زۆربەی ئێمە لەبەر قسەی کەسوکار و خەڵک منداڵ دەهێنینە دنیاوە، ئەوەندە پێمان دەڵێن: بۆ منداڵتان نابێت؟ زۆربەمان بۆ کۆتاییهێنان بەم پرسیارە و بە بێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکەینەوە، ئەرکێک بە ئەستۆ دەگرین کە لەوانەیە ئامادەیی ئەو ئەرکەمان نەبێت، بەڵام ئەم خزم و دراوسێ و بەڕێزانە، کامیان پاش لەدایکبوونی منداڵ، خۆیان بەرانبەر بە کەموکورتی و گرفتەکانی ئەو منداڵە، بە بەرپرس دەزانن؟ ئایا ئەو بەڕێزانەی کە تەنیا لەبەر نەبوونی منداڵ، ئەوەندە لۆمەی کەسانی بەرانبەریان دەکەن، ئەگەر ئەو دایک و باوکە نەیانتوانی ئەو منداڵە بەخێو بکەن، ئەوان حازرن ئەو ئەرکە بە گیان و بە دڵ قبووڵ بکەن؟ بەڵام خۆ کێشەکە بەمەیش کۆتایی پێ نایەت، ئەگەر هات و یەکەم منداڵیش کوڕ نەبوو، ئەو کات قسە و قسەڵۆکەکان زۆرتر دەبن:

"دەی با کوڕێکتان بێت، با وجاختان ڕۆشن بێت"، ئەم فەرمانانەی خزم و دراوسێ و ئەم خوالێخۆشبووانە، ئەوەندە کاریگەرییان هەیە کە ژیانی زۆر کەسیشیان تێک داوە. لەوانەیە لە ڕاستیشدا ژن و مێردێک بوون و نەبوونی منداڵ، یان جۆری ڕەگەزی، زۆر بە لایانەوە گرنگ نەبێت، بەڵام ئەمە هیچ نییە بێجگە لە دەستخستنەناو ژیانی یەکتر و شێواندنی شیرازەی خۆشەویستیی دوو کەس و هەروەها تێکدانی پلانەکانی زۆربەی ئەو گەنجانەی کە ژیانێکی نوێیان دەست پێ کردووە.

ڕۆژێکیان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان، ژنێکم بینی کە بووکە ١٨ ساڵەکەی بۆ لای پزیشکی ژنان هێنابوو، باسی ئەوەی دەکرد کە لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە ئەو بووکەی بۆ کوڕەکەی هێناوە و تا ئێستا منداڵی نەبووە. چەندین جار سەردانی پزیشکی پێ کردبوو، کەچی هیچ سوودی نەبوو. نەشتەرگەریشیان بۆ کردبوو، بەڵام دیار بوو دکتۆرەکان پێیان وابوو کە ئەم بووکەی، تەمەنی کەمە و جارێ منداڵی نابێت. کە لێم پرسی ئەدی ئەگەر بووکەکەت هەر منداڵی نەبوو، چی دەکەیت؟ گوتی: "ها ها ها ها.. ژنێکی دیکە بۆ کوڕەکەم دەهێنم!"

پرسیار ئەمەیە، تاکەی دەبێت ئەم "هاهاها"یانە، پێوەرەکانی ژیانی دوو تاک پێکەوە دیاری بکەن؟